# سەرخستنی مەحموودی ئەحمەدی نژاد و ئاسۆی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێران دا

عەلی بداغی

براوە راگەیاندنی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە ئاکامی بەناو نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێرانی ئیسلامی لە یەکەمین وێستگەدا ئاماژە بە دانانی ئەحمەدی‌نژادە لە پۆستی سەرکۆماری‌دا، نەك هەڵبژێرانی ئەو لە لایەن خەڵکەوە، لەم رووەوە کە گەلانی ئێران لێبڕاوانەو بە کۆدەنگەوە ئەم شانۆی هەڵبژاردنەیان بایکۆت و تەحریم کردبوو.

هەر بۆیەش هێنانە دەرێی ئەحمەدی‌نژاد لە نێو سندوقەکانی دەنگدان بەو هەموو فێڵ و تەڵەکە و ساختە و پاختە کردنە پێویستی‌یەك بوو کە ناوکی دەسەڵاتی رێژیم(هستەی‌قدرت) ناچار بوو لە هەمبەر گۆڕانە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆی ئێران، ناوچە و جیهانی پێی هەستابایە. ئەو گۆڕانانەی کە شەپۆلەکانی لە هەموو لایەکەوە ئێرانی وەلەرین خستووەو دەزگای دەسەڵات و ناوەندی بڕیار لە رێژیمیش بۆ بەرگریکردن لە مان و هەبوونیان و پەرچەکردار لە بەرامبەر ئەم تەوژمانەدا دەبوایە خۆی یەکدەست کردبا. پرۆسەی یەکدەستکردنی حاکمییەت کە دەکرێ بڵێین هەر لە یەکەم ساڵەکانی دوای دووی جۆزەردانی ٧٦ دەستی پێکردبوو، لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی مەجلیس‌و دووهەمین خولی شوڕا ئیسلامی‌یەکانی شارو دێ‌دا رێی بۆ خۆش کراو ئەمجارەشیان بە هێنانە دەری ئەحمەدی‌نژاد لە سندووقەکانی دەنگدان تەکمیل کراو دوایین بزمار لە تابووتی بەناو رێفۆرمخوازی نێو دەسەڵات درا. جەغزی یەکدەست کردنێك کە تەنانەت هاشمی رەفسنجانی لە مێعمارانی کۆماری ئیسلامی‌و رۆڵەی بەئەمەگو لێبڕاوی ئەم رێژیم‌و نیزامە جێی نەبۆوە.

دەورانی سەرکۆماری ئەحمەدی نژاد، واتە سەر لەنوێ پەرەسەندنی رەهای سەرکوتی ئازادی‌یەکان، کپ کردنی هەموو جۆرە دەنگێکی بەرەنگار خوازانەو نەهێشتنی هیچ جۆرە رەهەندێکی جیابیرانەو قەلاَپرچن کردنی زیندانەکان لە رۆژنامە نووسان، جیابیران‌و ئازادیخوازان‌و زاڵبوونی کەشی خەفەقان‌و تۆقێنەر بەسەر وڵات دا. کارنامەو رابردووی ئەحمەدی نژاد لەم بارەوە بۆ هەموان روون‌و ئاشکرایەو شاهیدی بۆ ئەم پێشهاتە دەدا. لە ئاستی ناوچەو جیهانیش دا رێژیم تووشی گۆڕانی سیاسی بنگەهی دەبێ. رۆژئاواو بەتایبەت ئورووپا گەرچی تا ئێستاش پرەنسیپ‌و بەها مرۆڤی‌یەکانیان فیدای بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و ئابووری‌یەکانیان کردووە، بەڵام سەردەمی ئێستا ئاراستەیەکی تری بەم پرسە داوە. ئیتر لەمەودوا بەرژەوەندیی رۆژئاوا داکۆکی کردن لە رێژیمە دیکتاتۆرەکان نیە، بەڵکوو گەڕانەوە بۆ خەڵکەو دێمۆکراتیزە کردنی وڵاتانە بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. لەم رووەوە ئوروپا و ئەمریکا ناتوانن ئیرادەی گەلانی ئێران لە نەفی کردن و "نا" گوتن بە رێژیم لەبەرچاو نەگرن و ئەو ویست و ئیرادەیە رەنگدانەوەی لە سیاسەت‌و بەرنامەکانیان لە هەمبەر رێژیمی ئێران دا نەبێ. ئەوەش جیا لەوەیە کە پرسی بەرژەوەندی لۆکاڵی وڵاتەکان گۆڕاوە بە پرسی بەرژەوەندی‌و ئەمنییەتی جیهانی‌و ئێرانیش گەورەترین مەترسی‌یە بۆ ئەمنییەتی جیهانی‌و ئاشتی‌و سەقامگیر بوونی دێموکراسی لەو ناوچەیەو جیهان دا.

مەحموودی ئەحمەدی نژاد روخساری راستەقینەو بێ رووپۆشی کۆماری ئیسلامی‌یەو هاتنە سەرکاریشی نوێنگەی وەدیهاتنی ئامانجی تاقمی ناسراو بە بنەماخوازەکانە(اصولگرایان). ئەو بنەماخوازانەی کە پێیان وایە نیزام لە دروشم‌و بنەماکانی شۆڕشی ٥٧ (هەڵبەت لە روانگەی خۆیانەوە) واتا ناردنە دەرەوەی شۆڕش (صدور انقلاب)و دامەزراندنی ئیمپراتۆری ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی ئێران دوور کەوتۆتەوەو ئەو بنەمایانەو دژایەتی کردنی ئەمریکاو رۆژئاوا لە ماوەی ئەم هەشت ساڵە دا بزر بووەو کاڵ بوونەتەوەو دەرکەوتنی ئەحمەدی نژاد واتە گەڕانەوە بۆ دروشمگەل‌و یۆتۆپیای سەردەمی شۆڕشی ٥٧ لە لایەن بنەماخوازەکانەوە.

بە ڕوویەکی دیکە دا دەرکەوتنی ئەحمەدی نژاد واتای پەردە لاچوون لەو دەمامکە رێفۆرمخوازی‌یەیە کە لەنێوخۆی وڵات بە دروشم گەلێکی وەك "ئێران بۆ هەموو ئێرانی‌یەکان"و "کۆمەڵگەی مەدەنی"و لە دەرەوەش بە دروشمی "وتووێژی شارستانیەتەکان" پرۆسەی گۆڕان‌و دێموکراتیزەکردنی ئێران‌و ناوچەی بۆ ماوەی ٨ ساڵ وەدوا داو بیروڕای گشتی ئێران‌و جیهانی بە لاڕێ دابرد.

هەربۆیە دەتوانم بڵێم هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد، واتای یەکلابوونەوەی خەڵکی ئێران‌و بیروڕای گشتیی جیهان لەگەڵ ئەم نیزامەیەو رەوتی خێراتر بەخۆوە گرتنی رێژیمە بەرەو هەڵدێری نەمان.